# زۆراب

سەلام مەنمی

زۆراب – هەرچەند تەمەنی پەنجا زیاتربوو ، بەلاَم مرۆڤێکی دامەزراوو جەربەزەبوو ، بەزەوییەوە بەند نەئەبوو ، ئەتوت گوێزی ناو بێژنگە . . لە مانگی مایس‌دا زەوی‌یەکەی سێگاسنە کردەوەو لاسەرەوە لە بن گابەردی پشت زەوی‌یەکەدا دانیشت‌و جگەرەیەکی پێچایەوەو دای‌گیرسان‌و قومێکی لێداو لەناو شەپۆلی خەیاڵێکی قوولاَ ون بوو : (بە هاری ئەمساڵ لەپارو پێرار خۆشترو بژۆین‌تر ، دنیا ئەوەندە زەبەندو قاروونە مرۆڤ لە ترسی مارو مێروو ناوێرێ بە هەندێ جێگەدا بڕوات تەنانەت جێگەی ڕەقێن‌و سورکەنەکانیش سەوز ئەکەنەوەو ئەڵێی مەرەزەی بەرئاوبارەن ، بەڕاستی ساڵی گزرە خستنی گیا ڕەش‌و وێنجەو سێپەرە ولۆیە . . کانیاوەکانیش تەقیون‌و خوڕەیان دێ‌و مژدەی ژیانێکی خۆش ئەدەن ئەڵێن : ئەمساڵ ساڵی دوو بەهارەو بە ئارەزووی خۆتان ئاوزەنگی لێدەن‌و قوڵی ڕەنجدانی لێ‌هەڵماڵن . . ئەمساڵ ئاومان زۆرە ، ڕەشەبایش کەمی ناکاتەوە .

گەنمیش لەسەری زەلام ئەداو کۆڵەکە ی داوەو پاڵەم ئەوێ بەکرەیی تیابکات . .

سبەینێ لەگەڵ – قارەمان – ی کوڕما دەست بە دێراو هەڵدانەوە ئەکەین . خۆم کە توولێ ئەدەم ، ئەویش ڕای ئەکێشی‌و هەڵ‌ئەداتەوە هەرچەند ئەویش دەستی وەستایەتی هەیە بەلاَم کە تووبەمن ڕاناکێشرێ‌و ئەو بەهەرەکەتە هەتا توانم هەبێ خۆم دێراوی خۆم هەڵ‌ئەدەمەوە پشت بەکەس نابەستم ، ئەوە بوو پار خۆمان هەڵمان نەدایەوە سەربەستەی دێراوەکان تەسك‌بوون‌و لە هەموو لایەکەوە داڕووخابوون‌و جیاوازی لە نێوان دێراوو دێرۆغەدا نەئەکرا ، سەر ماکاوەکانیش ئەوەندە مەندبوون‌و پەنگیان خواردبووەو پان بووبوون ئەت وت مانگای ئاوسن‌و ئاودێرەم ئەویست هەڵی سووڕێنێ‌و سەری لێ‌دەرکات‌و بەسەربەستەکانا بڕوات .

دەم زارەکانیش خوارو خێچ بوو بوون ئەت وت دەمی کاسە کەلن ، ئەو ساڵە بڕوات‌و نەیەتەوە . هەتا بڵێی و شك‌و کووڕ بوو .

ساڵێکیش لەتەمەنی ئێستای قارەمان‌ی کوڕمابووم ، ئەم زەوییە بێ‌پیت‌و بەرەکەت‌بوو . . ئەوساڵە نان خۆشە ویست‌بوو . . بەلاَم ئێمە بووە بووین‌و پێمانەوە دیارنەبوو مەڕومالاَتی زۆرمان هەبوو .

جگە لەوەیش باوکم سەری لەزۆرئیش دەرئەچوو ، بۆ نموونە باشترین ناڵبەندبوو . . خۆزگەم بەوسا لەهەرەتی گەنجیابووم ، هەموو جارێ سواری ماین کوێت ئەبووم ، کلکی کلاَفە ئەکردو ئەت‌وت ئاسکەو زەوی بەرگەی نەئەگرت ، ناڵەکانی ئەبریسکانەوە ، هەر لەوجوان‌بوون سەرزین‌و ڕەشمەی ڕەنگاوڕەنگ ، بەتایبەتی لە ڕۆژانی شایی‌دا ، هیچ ماین‌و ئەسپێك تۆزی قولیان نەئەشکان‌و ڕمبازی هەر لەخۆی ئەهات ، هەرئەویش پاڵی بە (محە) چاو چنۆکەوە ناو گەڕی تێناڵان‌و بەباوکمی وت :

– بەهیمەت بێ یان بەقیمەت ئەبێ ماین کوێتان بەیتێ ، ئەو جۆرە ماینانە بۆ دەرگای ئێمە باشن و گەورە پیاوان رووبمان تێ ئەکەن . . بەریشی تۆرەوایە ماینەکەی تۆ لەرمبازیا پێش ئەسبەشێی من بکەوێ ؟ خەڵك گاڵتە بەمن بکەن ؟ ! ئەگەر بەوە رەزابێ تۆیش گاڵتەمان پێ ئەکەیت . .

– لە تۆمابێ یەوە بەخێوی ئەکەم . . هەر ئەوەیشم لە رەسەنی ماین رەش ماوە ، هەرکاتێ ئەو رەگەزە لە قاپی من ببرێن بێوڵەت ئەبم رزقم کوور ئەبێ . . گاڵتەیش بەکەس ناکرێ ، مرۆڤ خۆی شت بێ گوێ نادات قسەی خەڵك . . ئێمەیش بەگوێرەی خۆمان خەڵك رووبمان تێ ئەکات و لە بن سێبەری ئەشکەوتا گەورە نەبووین . . (محە) چاوچنۆك چاوی پەڕی یە پشتی سەری و لای خۆیەوە وتی : (رووی رەشێ بێداران کە منی خستە مەنمەنەی منداڵان – ئەگەر باپیران زوو زەوی یەکەیان لێ زەوت کردنایە ئێستا زۆراب بەم قسە رەقانە ناوسکی منی دانەئەوەشان ، وائەزانێ قسە لەگەڵ خزمەتکارەکانما ئەکات . . !! ئەترسم ئەوانیش پێیان نەوێرا بێتن . .

بەمەیش وازی نەهێنا . . گەری خستە ئەم زەوی یەوە سنوورەکەی شێواند و کەڵەکی نێوانی گوێزایەوەو هاتۆتە باو سکی زەوی یەکەی ئێمەوەو جووتی تێخست . .

بەڵام باوکم پشتی قایم بوو ، ملی کەچ نەئەکرد لای خۆیەوە ئەی وت : (محە – ئەڵێی درکی مەم و زینە ، ئەیەوێ بەهەرەشەی پف دراو ماین و زەویم لێ داگیرکات . . بەڵام رێوی بەفێڵ نەویستێ مەگەر تەڵە پێی ببەستێ . . ئەمانە وا ئەزانن ئێمەیش خێڵی مەنووچەری یەکانین . . هەموو جارێ محەی چاوچنۆك بە مامرەشیدی مەنووچەری ئەوت :

– مام رەشید ئێوەی مەنووچەری گرفت و سك ئێشەتان لە خۆتان گرتووە ، منیش ئەوە نەخۆشێکەمە ، ئیتر خۆ تووشبرت و نابێ لێم دوور بکەویتەوە . .

بەڵام کە لێی هاتە دەست و زەوی یەکەی لێ داگیرکرد چاوە چنۆکەکەی لێ زیت کردەوەو پێی وت .

– بەخاسە خاسە گوت کردە کاسە . . لەمەولا کەس خاوەنی زەوی نابێ . .

هات کەڵەکی نێوان زەوی یەکانی کردەوەو هەڵی چنینەوەو سنووری زەوی یەکەمانی رێك خستەوەو وتی یەوە : جارێکی تر دەست لە سنووری زەوی یەکەمان بدەنەوە لەگەڵ پووش و قنگەلاشکی ناوزەوی یەکەدا ئەسووتێن و ئەبنە قەرە برووت ، وەك لە باپیرانمانەوە ئەگێرنەوەو ئەڵێن : کابرایەکی زۆر دەوڵەمەندو بەناو بانگ هەبوو . . هات خانوویەکی بەرزی دروست کرد . .

یەکێك وەك محەی چاو چنۆکی لێ پەیدابوو پێی وت :

– چۆن ئەبێ لەگوندی منا تۆ خانووی وابەرزت بێ . . !

– بەرەنجی شانی خۆم کردومە ؟

– رەنج و مەنج نیە لەمەولا ئەوە خانووی منە

– بەردێکی بەکەس نادەم ، رێگە نادەم مارو مشك لە خانووی من هێلانە بکەن . .

هات خانووی لێ زەوت کردو پڕی کرد لە چڵکا وخۆر . .

کوروکەس وکاری هاتن خانۆکەیان سووتان و هاتن باوکیان ئاگادار کردو وتیان :

– خانۆکەمان سووتان

– مارو مشکەکانیشی تیا سووتان ؟

– بەڵێ . .

– گرینگ نەمانی مارو مشکەکانە ، دوژمن لە ماڵی مرۆڤا بێ وەك مار لەباخەڵیابێ وایەو هەمیشە لەترس و دڵەڕاوکێدا ئەژی و ناوێرێ لە قاوغەکەی خۆی دەرچێ . .

ئەگەر دەئەوەنەی تر مشك و ماری تیاسووتاوەلەمەولا خانۆکە بەرزتر دروست ئەکەینەوە گەرمی ئاگری جگەرەکە بە پەنجەی گەیشت و تەون و شیرازەی خەیاڵی بچڕان .

**تێبینی** : لە کۆتایی چیرۆکەکەدا سوودێکی کەم لە فۆلکلۆری کوردی وەرگیراوە .